**مەهاباد قەرەداغی**

# گوناهی فریشتەیەک!



بێهودەیە بپرسیت و بێهودەیە بەرسڤدانەوەی پرسیار لەبارەی بەختیارییەوە. ئەگەر بەخت یارم بوایە، زەمینە بۆ خلیسکانم نەدەسازا و نەدەکەوتمە نێو گێژاوێکەوە دەربازبوونی ئەستەم بێت. باسی سەرەتات بۆ بکەم یان کۆتایی؟ ئەگەر لە کۆتاییەوە دەست پێبکەم، دەزانم تۆ هەر دەپرسی و دەپرسی تا بزانی هۆی گەیشتنی من بەم ڕێگا بنبەستە چی بوو! چاک دەزانم ئێستا چەند پرسیار لە بازنەی سەرتدا دەخولێتەوە و دەتەوێت ئاراستەی منیان بکەیت. بەوە نییە من زانکۆم تەواو نەکردووە، بەڵام ئەم گێژاوە فێری کردووم لە کرۆکی ژیان و ناخی ئینسان تێبگەم. دەزانی یەکێک لە ئاواتەکانی منیش ئەوە بوو ببم بە ڕۆژنامەنووس؟! دەمخواست پسپۆرانە ئەو کارە بکەم، بۆیە بۆ ئەوە خۆم ئامادە دەکرد کە دوای تەواوکردنی قۆناغی ئامادەیی بچمە کۆلێژی ڕاگەیاندن. ئاخ، چۆن ئەو ئاواتەم نەهاتە دی و ڕۆژگار چەند نامیهرەبان بوو لەگەڵمدا. تۆ تەماشا منیش چەند گەمژەم، ڕۆژگاری چی و نامیهرەبانی چی؟ هەمیشە فێرین خۆمان هەڵبخەڵەتێنین و نەچینە سەر مەبەست! دەشێ ئێستاش نەوێرم ناوی ببەم و بڵێم ئەو نامیهرەبان بوو لەگەڵ مندا نەک ڕۆژگار؟ پێش ئەوەی بپرسی ئەو کێیە و چ نامیهرەبانییەکی لەگەڵ کردووی، خۆم بۆت باس دەکەم. باسی خلیسکانێکت بۆ دەکەم کە دە ساڵ بەر لە ئێستا بەرەو لێژایی بەریداومەتەوە. دە ساڵە بە خێراییەکی پێوەریی هەست بە خلۆربوونەوەی بەردەوامی خۆم دەکەم. با لەوێوە دەستپێبکەم کە تەمەنم شانزە ساڵ بوو، تازە دواناوەندیم تەواو کردبوو، لە بەشی ئەدەبی ئامادەیی دەمخوێند. بۆیە باسی لەوە پێشتر ناکەم، چونکە ژیانێکی ئاسایی دەژیام و لە خێزانێکی مامناوەندی و لە سایەی دایک و باوکێکی ئاسایی و میهرەبان ژیانم بەسەر بردبوو. جیاوازی من لە هەموو ئەوانەی دەوروبەرم، جوانییەک بوو هەر لە منداڵییەوە زۆر جار کەسانێ کە دەیاندیم بە دایکمیان دەگووت وەی ماشەڵڵا خودا چ توحفەیەکی دروستکردووە. دایکم چاوەزارێکی بە نێوچەوانەوە نابووم و بە بنێشت بە چەند تاڵێکی قژەکەمەوەی نوساندبوو. دایکم زۆر دەترسا لەوەی لەچاو بچم و بە تایبەت کە نۆزگەی بووم و یەکەمین هەستی دایکایەتی خۆی لە مەمکپێدانی من چەکەرەی کردبوو.  ئێستاش هەندێ جار بیر دەکەمەوە و دەڵێم، تۆ بڵێی ترسەکەی دایکم لە جێگای خۆی نەبووبێ و من لەچاو نەچووبووم. بەڵام ئاخۆ چ چاوێکی پیس بێت و هی چ بەدکارێک بێت منی وا لێکرد کە بەختیاری بە خەونیش نەبینم.

شانزە بووم، بەڵێ شانزە. لە تەمەنێکدا بووم کە نەمدەزانی بۆ حەزم لە ڕوانینە لە خودی خۆم، لە ئاوێنەی ژوورەکەمدا. شادمان دەبووم کە چاوەکانی خۆمم دەدی چەشنی ئەستێرە دەدرەوشێنەوە. شانازییەک دایدەپۆشیم کە دەمبینی ئەسمەرێکم خوێنم هەڵدەقوڵێت و بەوەش کە لە ڕێگای مەکتەب کوڕوکاڵ پێیان دەگوتم و من خۆم لێ گێل دەکرد، خۆشییەک دەزایە نێو دەمارەکانم. ڕۆژێکیان یەکێکیان گووتی، تۆ تەماشای ئەو پەرییە ئەسمەرە بکە، شەقامەکەی هەژاندووە. یەکێکی تر دەیگووت کچی جوان بۆ ئاوڕمان لێنادەیتەوە خۆ شازادە نیت، دەک هەزاران شازادە بە قوربانت بێت. ئەویتریان دەیگووت، بیستومە ناویشی فریشتەیە، نەمزانیبوو خودا فریشتەش دەنێرێتە قوتابخانەکان. کە لە ئاوێنەم دەڕوانی، هەموو ئەو قسانەم بیردەکەوتەوە کە کوڕان بۆیان فڕێ دەدام و لەناخەوە

چێژێکیان پێدەبەخشیم، بەڵام وامدەنواند گوێم لە هیچ نەبووە. کە ئەو توانجانەم دەبیست، گەرم دادەهاتم و گۆناکانم خوێنیان تێدەزا. پێدەچوو کە خوێن دەزێتە ڕوومەتی ئەسمەرێک، سیحر لە چاوی بەرامبەر دەکات، بۆیە کە من شەرمم دەکرد، کوڕانی ڕێگای قوتابخانە ئالوودەتر دەبوون. چەند کوڕێک هەبوون بەردەوام ئەوە کاریان بوو، لە ڕێگە دەوەستان و چاوڕێی بەربوونی قوتابخانەی کچان بوون. لە نێو ئەو کوڕانەدا سەرنجی منیش بۆ یەکێکیان کێش دەبوو، بەڵام بە تیلەی چاو و بە دزییەوە تەماشام دەکرد و هێندەی بمتوانیبایە نەمدەهێشت سەرنجمان لە یەکدی گیرببێت و نهێنی ناخەوەم ئاشکرا بکات.  ئارەزووی خوێندنەوەم هەبوو، زۆرم دەخوێندەوە، هەندێ جار دوای تەواوبوونی دەرسەکان دەچووم بۆ کتێبخانەی گشتی و کتێبم دەخواست تا لەماڵەوە بیانخوێنمەوە. دوای ساڵێک سەرنج گۆڕینەوەی هەندێ جارئاشکرا و زۆرجار نهێنی، ڕۆژێکی شەممە بوو لە کتێبخانەی گشتی ئەو کوڕەم دی، کە ئەویش منی دی و سەرنجمان لەیەکدی گیربوو، وەک ئەوەی کارەبا بمگرێت تەزوویەک بە لەشمدا تێپەڕی. دەستی هێنا تەوقەم لەگەڵ بکات، منیش خێرا دەستم بۆی درێژ کرد و گوێم بەوە نەدا کە هێشتا ئێمە یەکتری ناناسین. کە دەستمان بەر دەستی یەکتری کەوت، پڕیشکی ئاگرێک لە دەستی هەردووکمان بڵند بووە و هەردووکمان دەستمان کرد بە پێکەنین و پێکەوە گوتمان وزەی کارەبامان تێدایە. ڕێگەم دا لەگەڵم دابنیشێت تا بزانم ئەم کوڕە کێیە کە توانی نیگام گیرۆدەی تەماشاکانی خۆی بکات و کە دەیبینم فەرامۆشییەک بوونم دەبوژێنێتەوە. ئەو ڕۆژە لە بەختی ئێمە کتێبخانەکە چۆڵ بوو، دەتگوت وزەی گەردوون بە مەبەستەوە زەمینەی بۆ ژووانی ئێمە سازاندووە. لەمبەرو ئەوبەری مێزێک دانیشتبووین کە یەک مەتر مەودای خستبووە نێوانمانەوە. میران دوو ساڵ لە من گەورەتر بوو، بەڵام بە بەژنوباڵاو بە ڕووانین و ڕەنگیدا کەمێک زیاتر لەو تەمەنەی دەنواند. لە دڵی خۆمدا دەمزانی هێشتا زووە بۆ بەستنی پەیمانێکی ئەڤینداری، بەڵام ئەو تیشکەی لە چاوەکانی میرانەوە بەرەو من دەهات، دەتگووت ئاوریشمێکی وەنەوشەییە و سەرتاپامی شەتەک داوە و زمانیشمی بەستۆتەوە. کە داوای کرد پەیمان ببەستین و ببینە ئەڤینداری یەکتر، بێ ئەوەی هەست بە دۆخی بڕیاردان بکەم، زمانم لەخۆیەوە هاتبووە گۆ و پێی گوت کە خۆشەویستی من تەنها و تەنها بۆ ئەوە و ئەو دەبێتە سەرۆکی میرنشینی دڵم. لەو دانیشتنە بەدواوە ئەو بەمنی دەگووت فرۆ و منیش ئەوم بە میرۆ بانگ دەکرد. هەموو جارێک کە دەستم بەردەستی دەکەوت، هەمان تیشک بڵند دەبووە و ئەو وزەیە ئێمەی دەخستە پێکەنین. دوای زیاتر لە دەیەمین دانیشتنمان لە کتێبخانەی گشتی، پێشنیاری کرد لە شوێنێکی تەنیا، دوور لە کامیرای چاوی خەڵک یەکتری ببینین. من سەرەتا ڕازی نەبووم و ئەو سەرزەنیشتی کردم کە بۆچی بڕوای پێناکەم. نیگەران بووم، بەڵام سەرەڕۆییەکانی ئەو تەمەنە پاڵیان پێوە نام دوور لە چاوی خەڵک ژووانێک لەگەڵ میرۆی خۆم ببەستم. ئاخر ئەوەی من هەستم پێدەکرد بەرامبەر بە میرۆ، نە تۆ و نە هیچ ڕۆژنامەنووس و نووسەرێکی دنیا ناتوانن دەریببڕن و بینووسنەوە. تەنها پێنووسی چارەنووس دەتوانێ ئاوای داڕێژێت کە سیحر لە بوونمان بکات. چ پێنووسێکە کە دەتوانێ چرکەبەچرکەی ئەڤین وا بنووسێتەوە کە بکرێت بە کردارێکی هێندە فریشتانە کە ئێمە لەبەرگی مرۆڤدا جاروبار پیادەی بکەین.

لە یەکەم چرکەی دوور لە چاوی خەڵک و بە بەرچاوی هەمیشەکراوەی خوداوە بێ ئەوەی بە چرپەیەکیش داوای مۆڵەتم لێبکات، خودای ئەڤین ڕێگەی داین یەکتری توووند لەباوەش بگرین. زۆرجار بیر لەو باوەشە دەکەمەوە و لەخۆم دەپرسم ئەوەی ڕوویدا تامەزرۆیی هەرزەکارانە بوو یان پەیامێکی پیرۆز بوو کە دەبوو بەماچ بیگەیەنین. ختووکەیەکی یەزدانی سەرتاپای جەستەمانی گرتبووەوە و هەستم دەکرد چواردەورمان پەپوولەیە و بە بێدەنگی سترانی ئەڤین بۆ ئێمە دەچڕن. پێم سەیر بوو میرۆ نەیویست دوورتر بڕوا و لەتخووبی ئەو باوەش و ماچانەدا وەستا و پێی گووتم فرۆ من کارێک ناکەم زیان بە تۆ بگەیەنێت، من و تۆ هەربەیەک دەگەین و ئەودەم لە ژووری نووستنی دووعاشق کە دەبن بە هاوسەری یەکتری، مێرگوزارێک چێدەکەین و دەبین بە دوو پەپوولەی هەمیشەیی نێو ئەو بەهەشتە.

سات نەبوو یەکتریمان لەبیر نەبێت، ساڵێک بوو یەکتریمان خۆشدەویست و ئەگەر چەند ڕۆژێک دیار نەبووایە بە بۆن دەمزانی لە کوێیە و بە هەست دەرکم دەکرد بەچییەوە خەریکە. ئەو ساڵێک بوو لە زانکۆ دەیخوێند و من بۆ تاقیکردنەوەکانی شەشەمی ئامادەیی خۆم ئامادە دەکرد. دامنابوو بە پلەیەکی باشەوە لە بەشی ڕاگەیاندن بخوێنم. چەند ڕۆژێکی مابوو بۆ تاقیکردنەوەکان و دەبوایە سەردانێکی قوتابخانە بکەم بۆ خشتەی وانەکان و هەندێ کاری پێویست. لە گەڕانەوەمدا ئۆتۆمبیلێکی سپی کە پیاوێکی بەتەمەن لێی دەخوڕی و ژنێکی تەمەن مامناوەندی لە پێشەوە دانیشتبوو، لە تەنیشتمەوە ستۆپی گرت. پرسیاری عیادەی دکتۆرێکیان کرد کە چەند کۆڵانێک لە سەرووی قوتابخانەکەوە بوو. ڕێگاکەم پێگووتن، بەڵام وایان پیشان دا ناونیشانەکە سەختە و نایدۆزنەوە. داوایان کرد لەگەڵیان سواربم و ڕێگەکەیان پیشان بدەم. منیش سواربووم و لە پشتی ژنەکەوە دانیشتم و ئاماژەم دا لەو کۆڵانەوە بڕۆن. تەنها دەقەیەکی پێچوو کە ژنەکە سپرایەکی دەرهێنا و بە خێرایی بەرەو دەموچاوی من بۆنێکی بەردایەوە. کە بەهۆشی خۆم هاتمەوە بڕوام بە چاوەکانی خۆم نەکرد. لە ژوورێکی ئەوەندە ڕازاوەدا بووم کە پێشتر لە خەونیش نەمبینبوو. هێشتا چاوم بە شتومەکەکانی ناو ژوورەکەدا دەگێڕا و بە سەرسامییەوە سەرنجم دەدا. کە تەماشایەکی خۆم کرد ڕووت و قووتم، ئینجا پڕ بە گەرووم هاوارم کرد و ژنەکە هاتە ژوورەوە. ئینجا زانیم من فڕێندراوم و بە بێهۆشی هێنراومەتە ئەو شوێنە. ژنە تەمەن مامناوەندییەکە زۆر بێباکانە گووتی فریشتە خاوەنی ئەم ماڵە پیاوێکی گەورەو دەوڵەمەندە، لە ڕێگەی قوتابخانە تۆی دیووە و حەزی لێ کردووی. ئەوە ئەمجارە بەم شێوەیە هێنامانی چونکە دەمانزانی ئەگەر پێشنیارت پێبکەین نایەیت. دەزانین لەگەڵ میران ناوێکدا خەریکی عەشقبازیت، بەڵام لەمەودوا خۆت وەرە و هەر جارێ بێیت بۆ لای جەنابی، سەد دۆلارت دەداتێ، بەڵام ئەمجارە لەبەر ئەوەی پەردەی کچێنیتی برد، پێنجسەدی بۆ داناویت.

کە ئەم قسەیەم بیست، نازانم چیم لێهات، بەڵام بە دەم قریشکەیەکەوە بورامەوە و ماوەیەک ئاگام لە دنیا نەما. نازانم بۆچی مرۆڤ ئەوەندە سەرسەختە و لەو کاتانەی کە ئارەزووی مەرگ دەکات، نامرێت. نازانم بۆچی و لە پێناوی چ ژیانێکدا بە ئاگا هاتمەوە! بە دەم هەنیسکەوە جنێوم بەو پیاوە دەدا کە نەمدەزانی کێیە و بەو ژنەی کە بە فێڵ منی گەیاندە نێو ئەو کۆشکە بۆگەنە. هەستم کرد هەموو شتێکی نێو ئەو تەلارە گڵاوە و هێز نییە بتوانێت پاکی بکاتەوە. گریام و گریام و گریام، ئافرەتەکە هەر بێباکانە جگەرەی دەکێشا و وەک ئەوەی من یەکەم و دوا نێچیری نەبم، بە زەردەخەنەیەکەوە جارو بار ئاوڕی لێم دەدایەوە. کە تەماشای کاتژمێری نێو ژوورەکەم کرد، پێنجی ئێوارە بوو. ئێستا چۆن بچمەوە بۆ ماڵەوە کە لە دەی بەیانییەوە هاتبوومە دەرەوە و چیم بە باوک و دایکم گوتبا! پارەکەم هەڵدایە سەر ژنەکە و دەمویست ڕێگای چوونەدەرەوە بدۆزمە و لەو کۆشکە بۆگەنە دەرباز بم، بەڵام ژنەکە بە خەمساردییەوە گووتی سبەینێ سەعات دە وەرەوە بۆ لای جەنابی. قیژاندم بە سەریدا و گوتم نەخێر نایەمەوە، من لەو کەسانە نیم کە ئێوە بۆی دەگەڕێن. من خاوەنی پەیمانێکی ئەڤینداریم لەگەڵ کەسێکدا کە بە قەد ڕۆحی خۆم خۆشیم دەوێت. ئەمجارە دەستی گرتم و لەسەر کورسییەک داینام و گووتی تازە کەس تۆی ناوێت و فەرموو تەماشای ئەم دیمەنە دڵڕفێنە بکە. کە ڤیدیۆکەی هەڵکرد، هێندەی نەمابوو بمرم. ئای خودایە بۆ نەمردم، بۆ؟! ئەوە من بووم وەک پارچەپەڕۆیەکی نەرم لەسەر ئەو سیسەمە ڕاکشابووم و زوومی کامیراکە سەرەتا خرابووە سەر دەموچاوم تا جوان دیاربێت و بزانرێت ئەوە کێیە. ئینجا تەواوی جەستەمی بە ڕووتی پیشان دەدا. لەو ساتەدا نەفرەتم لەو جوانییەی خۆم کرد کە تووشی ئەو بەڵایەی کردم. کامیراکە جوانییەکی پیشان دەدا کە دڵنیام خوودا خۆیشی سەرسام دەبوو بەو داهێنانەی خۆی. جوانییەک  بوو لە ئاوێنەی ژوورەکەی خۆشمدا بەو چەشنە نەمدیبوو. ئاخر من لە ماڵەوە تەماشای دەموچاوی خۆمم دەکرد و قەت جارێک خۆمم بە ڕووتی پیشانی ئاوێنە نەدابوو. من نازانم بۆچی خوودا جوانییەکی جیاواز بە هەندێ کەس دەدات و بۆچی من یەکێک بووم لەوکەسانەی کە هەڵیبژاردبووم توانا و کارامەیی خۆیم تێدا تاقیبکاتەوە. بەڵام چی لە سیما و جەستەیەکی جوان بکەم کە ئیتر جێگەی ڕۆحمی تێدا نەبێتەوە. ئای لەو کارەساتە خودایە چی دەبینم؟ جەنابی پایەدار چی پێنەکردووم؟ ئاخر ئەوە من بێهۆش بووم خۆ خودا هۆشیار بوو؟ نەک

هۆشیارییەکی سادە، بە هۆشیارییەکی باڵاوە لەوێ ئامادە بوو، چۆن گوێیان بەویش نەدا و منیان ئاوا گرفتار کرد؟!
بە منداڵی دایکم زۆرجار ئەوەی پێم دەگووت کەخودا ئاگاداری خشەی مارومێرووە. کە دەگریام و تەماشای فیلمی ڤیدیۆکەم دەکرد کەمنی تێدا ئەتک کرابووم، ڕێک بە وێنەی شەستەباران فرمێسک بە ڕوومەت و لاچاوەکانم دەهاتنە خوارەوە. ئەویش بێباکانە پێی گووتم ئەگەر سبەی خۆت نەیەیتەوە، ئەم فیلمە دەنێرین بۆ دایکت و باوکت و بۆ میران. چوومەوە بۆ ماڵەوە و هەزار درۆم ڕێکخست تا لە سزای درەنگهاتنەوە ڕزگارم بێت، بەڵام چی ڕزگاری دەکردم لە هەستێ کە بەتەواوی ئەندامەکانی لەشمی ژەهراوی کردبوو.
ئەو شەوە هەتا بەیانی دەگریام و سەرینەکەمت بگوشیبایە فرمێسکی لێدەچۆڕا. بەدەم ئەو گریان و هەستە تاڵەوە لەگەڵ خودا دەدوام. گلەیی و گازەندەی زۆرم لێی کرد کە بۆ نەیپاراستم و بۆ خلیسکانێکی وای کردە چارەنووسم؟ سبەینێ بە ترس و لەرزەوە بەرەو ئەوێ چووم. لەو کاتەدا کە جەنابی دەستی برد جلەکانم لەبەر دابکەنێ، من ڕۆحی خۆمم ڕەوانەی لای میرۆ کرد و جەستەم بەم سپارد شیلەکەی بمژێت. تاقیکردنەوەکان دەستیان پێکرد و من لەباتی هۆڵی قوتابخانە، دەچوومە ژووری نووستنی ئەو پایەبەرزەی کە شەوانی لەگەڵ خانمەکەی خۆی و ڕۆژانی لەگەڵ من و هاوشێوە هەڵخلیسکێنراوەکانم بەسەردەبرد. میرۆم بینی و تکای لێکردم پێی بڵێم بۆچی وا ژاکاوم و بۆچی دەڵێی بەسەرئەم دنیایەوە نیم. فەرامۆشم کرد و هیچم نەگووت. چیم گوتبا؟
دواڕۆژی تاقیکردنەوەکان کە بە بێ ڕۆح و بە جەستەیەکی تاریکەوە چوومە کۆشکەکەی، باوەشی پێداکردم و تێر گوشیمی بە خۆیەوە. نازانم چۆن هەستی بە بێڕۆحی من نەدەکرد و چێژی لە لەشێک دەبینی کە بەتاڵە لەوزەی خودایی. کراسەکەی مەکتەبی لەبەرداماڵیم و بە کەیفی خۆی لە نێو جوانی و ڕووتی مندا بەدوای کەیف و سەفا دەگەڕا و کە دەیدۆزییەوە لە خۆشییاندا دەلەرییەوە. ئەوجارە بوو جەنابی گووتی ئەگەر دەتەوێ بمێنیتەوە لێرە، خۆت ببە بە خانمی ئەم ماڵە، چونکە ئەم ماڵەم تەنها بۆ کەیف و سەفایە، ژن و منداڵەکانم لە کۆشکێکی ترن لە شارێکی تر.
دەمزانی تازە هەڵخلیسکێندراوم و ئەو فیلمانەی لەمن گیراون بەشی کوشتن و هەلاهەلاکردنم دەکات، بۆیە بڕیارم دا ئیدی نەچمەوە ماڵی خۆمان و لەوێ بمێنمەوە. ئەگەرچی زەڕەیەک خۆشیم لە دیداری نەدەبینی، چونکە ئەو ڕۆحی منی بە زیندوویی لە چاڵ نا، بەڵام ڕۆژێک داوام لێکرد و تەنانەت لێشی پاڕامەوە کە بمکات بە هاوسەری ژیانی خۆی، کەچی قاقا پێکەنی و هەر ئەو ئێوارەیە لەگەڵ خۆیدا برادەرێکی هێنابوو، شەوێ منی پێشکەش بەو کرد و خۆی گەڕایەوە لای هاوسەرەکەی. ئیدی ئەو ڕووی پێنەدەدام و ڕەفتاری خراپ بوو لەگەڵمدا، برادەرەکەی بردمیەوە ماڵێک لە ماڵەکانی خۆی. لەوێوە ئیدی دەستاودەستم پێدەکرا و بۆ ئەم شار و ئەو شاریش دەهێندرام و دەبردرام.
لەگەڵ هەرکێ بام و جەستەم لە باوەشی هەر کەسێ با، بیر و خەیاڵ و ڕۆح و دەروونم لە لای میرۆ بوو. دوو ساڵ بوو ئاگام لێی بڕابوو، هەروەک چۆن نەمدەوێرا ئاگاداری ماڵی باوکم و کەسوکارم بیم و توخنی ئەو گەڕەک وماڵە بکەوم. دەمزانی کەسوکار دوای هەڕەشەیەکی بێهودە بۆ کوشتم تازە دەستیان لێم هەڵگرتووە و نایانەوێ ناویشم ببیستن. فریشتە ئێستا لە لای ئەوان دێوودرنجە، کچێکە شەرەفیانی تکاندووە. دواترزانیم میرۆ سەری خۆی بەرەو هەندەران هەڵگرتووە و نازانم کەوتۆتە کام وڵات، بەڵام لە هەر کوێ بێت ڕۆحی من لەوێیە و لێی نابێتەوە.
دەساڵ تێپەڕیووە بەسەر خلیسکانی من و شۆڕبوونەوەم بەرەو دۆزەخی ئەو کارخانەیەی کە جەنابی یەکێک لە داهێنەرانی بوو. لەو دە ساڵەدا بەختیاری شتێک نەبوو بە خەونیش بیبینم، نەک بوێرم بیری لێ بکەمەوە. هەتا ئێستاش تروسکاییەکی بەختیاری ڕێگەی دڵ و ڕێچکەی دەروونم نادۆزێتەوە. دەساڵە لە فریشتەیی کەوتووم و لەبەر دووشی گوناهدا مەلە دەکەم و کۆشکی گڵاو نەماوە میوانداری لە لەشم نەکات.
ئێستا کە هەواڵی کوژرانی لە دەنگوباسدا پەخشکرایەوە، دەزانم ئەوە خودای منە و دوای ساڵانێکی زۆر ئینجا نیوەی نزاکەمی بەجێگەیاندووە. شەوان پێش ئەوەی هۆشم بە خەو بسپێرم لە خوودا دەپاڕامەوە هەلا هەلا بێت و ناوی بزر بێت و بزرێت. ئەوەتا هەلا هەلا بووە و ئەوە نیووەی نزاکەمە هاتووەتە دی، بەڵام من هیچ چێژ لەو مەرگەی ئەو نابینم، چونکە ئەو دۆخەی کە منی تێدا کرام بە قوربانی هەر بەردەوامە و بەو مەرگەی کە ئەویش بە ڕێکەوت بەدەستی

**دوژمنانی گەل بەدەستی هێنا، نە ناوی بزر دەبێت و نە دەزڕێت، بەڵکو نازناوی قارەمانی بۆ خۆی مسۆگەر کردووە. ئیدی قسەکردنی من سوودی چییە و تا بەیانی داستانی ئازارەکانم بگێڕمەوە کێ باوەڕ بە بێگوناهی فریشتەیەک دەکات! بێهودەیە گێڕانەوە و هەڵدانەوەی قەتماغەی زامەکان، تازە هەمووتان بە یەکدەنگ بڕیارتان داوە کێ قەحبەیە و کێ قارەمان!**

...
2009/09/12